پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نامەی نووسی بۆ کیسرا (پاشای فارس)، قەیسەر (ئیمپراتۆری ڕۆم)، نەجاشی (پاشای حەبەشە)، و هەموو ستەمکارێکی (دەسەڵاتدارێکی) تر، و بانگهێشتی دەکردن بۆ لای خوای گەورە و باڵادەست

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نامەی نووسی بۆ کیسرا (پاشای فارس)، قەیسەر (ئیمپراتۆری ڕۆم)، نەجاشی (پاشای حەبەشە)، و هەموو ستەمکارێکی (دەسەڵاتدارێکی) تر، و بانگهێشتی دەکردن بۆ لای خوای گەورە و باڵادەست، و ئەم نەجاشییە ئەو کەسە نەبوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی مردووی لەسەر کرد.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵ دەدات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێش مردنی پەیامی نووسی بۆ ئەو پاشایانەی کە لە دەوروبەری دوورگەی عەرەبیدا بوون، و بانگەوازی کردن بۆ ئایینی ئیسلام؛ پەیامی نووسی بۆ (کیسرا) ئەمیش نازناوی هەموو ئەو پادشایانەیە کە فەرمانڕەوای فارس بوون، و پەیامی نووسی بۆ (قەیسەر) ئەمیش نازناوی هەموو ئەو ئیمپراتۆرانەیە کە فەرمانڕەوای ڕۆم بوون، پەیامی نووسی بۆ (نەجاشی) ئەمیش نازناوی هەموو ئەو پادشایانە کە فەرمانڕەوای حەبەشە بوون. هەروەها پەیامی نووسی بۆ هەموو پادشایەکی زۆردار و سەرکوتکەر بەسەر خەڵکیدا، ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- ڕوونی کردەوە کە ئەو نەجاشیەی پەیامی بۆ نێردرا؛ ئەو نەجاشیە نییە کە موسڵمان بوو، و کاتێك وەفاتی کرد؛ و پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی ئامادەنەبووی -غائیبی- لەسەر کرد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65789